دێرین
ژمارە (٩) دووشەممە ٢٠٠٧/١/١٥
سەرپەرشتیاری لاپەڕە: محەمەد پاکژ

# خۆزگە نەچووینایە
# ئەورۆژەی خانووە گڵینەکانی گوند رووخا

حسێن خەلیفە محەمەد



بیرەوەری یان مێژوو بریتییە لەگێڕانەوەی رووداوەکانی پێشوو وەك خۆی و گەڕانەوەی بۆ مێژووی دوا ڕۆژی نەوەی گەلەکەمان، ئەمەش رووداوو مێژوەو دەبێت بیلێم. ڕۆژانی شۆڕش و پێشمەرگایەتی و خەباتی کوردانە قۆناغێکی سەخت بوو هەموو کەس نەیدەتوانی پێشمەرگە بێت، قۆناغی داکۆکی و بەرگری و فیداکاری و شۆڕش و پێشمەرگایەتی سەخترین قۆناغی مێژووی گەلی کوردە. دوژمنانی گەل و داگیرکەران و رژێمی بەعس لەو قۆناغەدا بەرنامەی جینۆسایدی کوردیان لە کوردستان جێ بەجێکرد بۆ نموونە، زیندە بە چاڵ و گۆڕەبەکۆمەڵەکان. کیمیاباران و تێك دانی هەموو گوندەکان و دورخستنەوەو روخاندنی زیاترلە ٣٠ قەزاو ناحیەی کوردستان بەعسییەکان لە کوردستان ئەنجامیان دا. پشت و پەنای کوردو وارسی شەرعی خەڵکی کوردستان تەنها شاخ و شۆڕش و پێشمەرگە بوو. ڕۆژانە دەیان گەنجی کوردستان رویان لەشۆڕش و پێشمەرگایەتی کرد بۆ بەدەستهێنانی مافە سیاسی و نەتەوەیی خەباتیان ئەکرد، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ شۆڕشی بەرفراوان دەبوو.

ڕۆژێکی بەهاری ساڵی ١٩٨٧ زاینی بوو لە پێدەشتی شارەزوور بووم، کوڕێکی گەنجی گوندی خێڵی حەمەی دەڤەری شارەزوور هات بۆ لام بۆ پێشمەرگایەتی کە ناوی کاك عەلی محەمەد کاکە عەلی بوو چەکی پێشمەرگایەتی لەشان کردو بوو بە(پ.م) ئێمە لەشارەزوور جەولەمان دەکرد، ڕۆژانی ١٢و١٣/٥/١٩٨٧ جەماوەری شارەزوور دژ بە بەعسییەکان راوەستان و ئێمەش بەشداریی کاریگەری راپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٨٧ ی شارەزوورمان کردو پشتیوانیمان لە جەماوەر کردو قوربانیمان دا. رژێمی بەعس لەڕۆژی ١٩٨٧/٥/٩ هەموو گوندەکانی دەڤەری شارەزووری لەگەڵ خاك یەکسان کردو ئاگری تێ بەرداو تێکوپێکی دان. ئێمەش ٣٠ پێشمەرگەی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بوین، جێگەو شوێن نەما پێشمەرگەی تێدا بمێنێتەوە شوێنی حەوانەوەو ئیسراحەتمان نەما هەموو جەماوەری گوندەکانی راپێچ کران بۆ سنوری شارەکانی ژێر دەسەلاتی بەعس.

کاك عەلی حاجی محەمەد کاکە عەلی کە پێشمەرگە بوو لای من وتی با بچین بۆ گوندی خێڵی حەمە... وتم برا بە خوا خێڵی حەمەش وەك هەموو گوندەکانی تری کوردستان بەر شالاوی روخاندن و سوتان کەوتووە، وتی: ئەی خەڵکەکەی وتم هەموو راپێچی ئۆردوگا زۆرە ملێکان کراون. کاك عەلی چاوی پر بوو لەفرمێسك و ئەسرینی چاوەکانی زیاتر گیانی فیداکاری و پێشمەرگایەتی تیا بەدی ئەکرا. پێشمەرگە هەموو زیاتر رق ئەستور ئەبوین بەرامبەر بەعسییەکان. کاك عەلی وتی: خێزانەکەم و دوو منداڵم لەخێڵی حەمە بەجێهێشتووەو هیچ هەواڵیان نازانم، وتم هەموو پێشمەرگە وایە. کاك عەلی وتی ئێستا دەزانم چۆن زولممان لێدەکرێ چۆن دەمانکوژن، دەبێت کورد داکۆکی لەخۆی بکات. وتی: با بڕۆین بۆ خێڵی حەمە وتم خێڵی حەمە نەماوەو تەختکراوە. حەوت هەلی کۆپتەرمان لەسەر بوو شارەزوور پڕ بوو لەسەربازو جاش و سیخوڕ. ئێوارەی ١٧-٥ لەجادەی قیری تەپەتۆڵەکە لە نێوان هەڵەبجەو پردی زەڵم پەڕینەوە چوینە گوندی شەشك و تەپی سەفا هەمووی روخابوو، چۆڵ بوو کەسی تیا نەبوو لە نزیك نیوەڕۆ ٥ هەلی کۆپتەر هاتە سەرمان لەناو دارستانەکانی شەشك گوللە بارانی کردین و هەندێك بریندارو زیانی کەرەسەی جەنگیمان هەبوو.

بۆ عەسر چوینە گوندی خێڵی حەمە من کامێرایەکی کۆداکی ١١٠ملمم پێ بوو، زۆر وێنەی پێشمەرگەکان و گوندە روخاوەکانی گرت چوینە مزگەوتەکەی گوندی خێڵی حەمە. مزگەوتەکە بە مادەی (T.N.T) تێك و پێکدرا بوو. مزگەوتەکەیان گەورە بوو دارێکی پەلکی گەورەی پێبوو دارەکەشیان بە (T.N.T) خستبوو. گوندی خێڵی حەمە هەموو ڕووخابوو تەخت کرا بوو ئێمەش هەموو لەسەر کانی و ئاوەکەی گوندی خێڵی حمە لە دەڤەری شارەزوور لامان داو ٣٠ (پ. م) بوین هەموو بلاوەمان کرد لەژێر دارەکانداو حەرەسیاتمان دانا. کاك عەلی حاجی محەمەدی کاکە عەلی کە خەڵکی گوندەکە بوو سەیری منی کردوو ئەسرینی چاوەکانی وای لی دەکردین بڕۆینە سەر هەر مەعەسکەرێك یان بمانکوژن یان تۆڵە بکەینەوە. لە پڕ کاك عەلی رای کرد بەرەو ماڵە رووخاوەکەی خۆیان و من لە دواوە بە کامێرەکەم وێنەیەکم گرت. هاواری دەکرد بژی کوردستان سەرکەوتن بۆ کوردو پێشمەرگەیە و خاکی گوندی خێڵی حەمەی ماچ ئەکرد گیانی دەلەرزی و فرمێسکی دەرێژا. چوومە لایەوەو لای کەلاوەی خانووەکە هێنامەوەو زۆر دڵخۆشیم کردو دوا بە دوای ئەوە تاقم و تفەنگەکەی خۆی هەڵگرتەوەو وێنەیەکی ترم بۆ گرت.

خێڵی حەمە دانیشتوانەکەی لەعەشیرەتی ئەورۆلین و زۆر بەخزمەت بوون بۆ شۆڕش و پێشمەرگە، ئەو ڕۆژە دوو کەلی خانووە سوتاو رووخاوەکانی ئاسمانی ناوچەکەی داگرتبوو. کاك علی نەیدەزانی باوك و براو خێزان و منداڵی چارەنووسیان چیە و چۆنەو لەگەڵ خزمان و خەڵکی گوندەکە چیان بەسەر هاتووە.

شەو داهات کاك علی هاواری دەکرد بالە ڕۆژ بونەوەدا بچینە سەرجادەی خورمال–زەڵم جادەکە بگرین لەقافڵەی دوژمن بدەین ئەو ماوەیە چەندین جار لەکاروانی سوپای عێراقمان دا، چەندین دیل و دەسکەوتمان هەبوو. ڕۆژەکان بۆ پێشمەرگە زۆر سەخت بوو زۆر زەحمەت بوو.

کاك عەلی کە پێشمەرگەیەکی دێرینی (ح.س.ك)ـە تا ئێستا نەخانەنشینی بۆ کراوەو نەزەویشی وەرگرتووە چوار ساڵی قۆناغی شۆڕشی رزگاری کوردستان پێشمەرگە بووە و لە دوای راپەرینیش شەش ٦ ساڵ پێشمەرگە بووە، ئێستا کرێکاری دەکات و کەس ئاوڕی لێ نەداتەوە.

فێنکەباس

سەلاح شێخ لەنگەری

## پێشمەرگایەتی و چیرۆکە بەتامەکانی

پایزی ساڵی ١٩٨٦بو ئێمەش پێشمەرگە بوین لەگەڵ کاك (عادل شوکر) کەلێپرسراوی تیپی (٥٣)ی شێروانە بو ئەو ڕۆژە لەجەوێکی ئاسایی خۆماندا بوین کەبریتی بووین لە (فاتیح شێخ لەنگەری، ڕەحمان سەرسپی، حەسەن برایم لفتە، تیمار، مەردان چاوشین کەرکوکی لەسنوری ٥٣ی شێروانە لەگوندی (قەلاقۆچاڵی) ناوچەی عەشیرەتی ڕۆغزایی بووین لەو گوندە بووین بەدوو بەشەوە, من و فاتیح و ڕەحمان چوینە ماڵی کاك عادل و ئەوانی تر چونە ماڵێکی تر، ئەوماڵەی ئێمە چوینە ماڵیان لەگەڵ فاتیحدا یەکتریان دەناسی دوای ماندوونەبوون بەخێرهاتن خاوەن ماڵەکە کتری و قۆریەکەی لامان داناو ووتی: ئەمە ماڵی خۆتانە بۆخۆتان بخۆن من ئەرۆم ئێستا مەرو ماڵاتەکەمان دێتەوە ئەبێ کاوجۆیان بۆ داکەم، فاتیحیش ووتی: ها فلان ئاگات لەخۆت بێ دیسانەوە دووپشك پێتەوە نەدات، ئێمەش بێ ئێوە ناخۆش دەستمان کرد بەچای خواردن و ووتمان فاتیح باسی چیرۆکی ئەم دووپشکەمان بۆبگێرەوە فاتیحیش تاوەکو ئێستا بەکەسێکی نوکتەباز ئەناسرێ ووتی: لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٢ بەهەمان شێوەی ئێستا جەولەمان ئەکرد لەم ناوچەیە بەرێکەوت هاتمە ئەم ماڵەو بەهەمان شێوە ئەم خاوەن ماڵە خەریکی کاوجۆی مەرەکانی ئەدا، لەناکاو هاوار هەڵساو بووبە قیژەقیژی منداڵ و ووتیان باوکمان دووپشك پێوەی داوە، خاوەن ماڵەکەش یەکسەر دووپشکەکەی کوشتبو کە دووپشکەکە لەجۆری جەراحە بوو دووپشکی جەراحەش ژەهری زۆر و بەهێزە، ئەو گوندنیشینانە دووربوون لەجادەو شارو ئۆتۆمبیلیش کەم بوو، زۆربەی خەڵکەکەشی نەیاندەتوانی هاتوچۆی شاربکەن، لەبەرئەوە واباوبوو ئەیانووت هەرکەسێ دووپشکی جەراحە پێوەی بدات تاوەکو خۆی پیس نەکات یان نەرشێتەوە چاك نابێتەوە، ئێمەش ووتمان دکتۆرێکی شۆڕش وا لەگوندەکانی دەوروبەری کوردەمیرەکان و دەرزی دژە دووپشکی پێیە، کوردەمیرەکانیش بەتراکتۆر بەلای کەمی ٤کاتژمێری پێ ئەچوو بۆئەم سەروو ئەوسەرو گەڕانەوەی، ئیتر بەپەلە تراکتۆرێکمان پەیدا کردوو چوون بۆ گەڕان بەدوای دکتۆرەکەدا ئێمەش ووتمان خودا کەریمە دوعابکەن بەڵکو خۆی پیس بکات یان برشێتەوە، چاك ئەبێتەوە ماڵ و منداڵیش کاتێك گوێ بیستی ئەم قسەیەی ئێمە بوون بەدەنگی بەرز ئەگریان و لەخودا ئەپارانەوە بەدەم گریانەوە ئەیانووت یاخوا باوکم گوبکا بەخۆیا، ژنەکەشی ئەگریاو دووعای ئەکرد ئەیوت خوایە بۆقەترەیەك گو هەتیوبارم نەکەی یان ئەیوت خوایە پرکەوچێکێك گومان پێبدەی.

لەبەرئەوەی گوندی قەلاقۆچاڵی لەجادەی کفری– کەلارەوە زۆر دوور نەبوو ئەو ڕۆژە نەمان دەتوانی لەوگوندانەوە بەهێزی کەمەوە بمێنینەوە بۆیە نەخۆشەکەمان بەئازارو گریانی ماڵ و منداڵەوە بەجێ هێشت و ئیتر نەئەوان دکتۆریان دۆزییەوەو نە تائێمەش لەوێ بووین کابرا گوی کرد بەخۆیا.

## بیگەیەنە ..!

حەمە تیژەیی

لێرە و لەوێ لەو دەمەی دەزگایەك دانراوە بۆ خانەنشین کردنی پێشمەرگە دێرینەکان، چەند کەسێك بە ناوی مشورخۆری پێشمەرگە و خەمخوریانەوە هەولی قۆستنەوەی ئەو هەلەیان داوە، ماڵ و منال و خزم و کەس و کارو تا دەگاتە دراوسێ کانیان خانەنشین کردووە بە پلەی سەیر و سەمەرە، بۆ نەزراندنی ناوی خۆی و پارێزگاری کردن لە سەروەت و سامانە کەلەکە کراوەکەی، هەر جارەو بەشێوەیەك بالۆرەی باشتر کردنی گوزەرانی پێشمەرگە دێرینەکان لێدەدات. کەچی بێخەبەرە لەوەی ئەمرۆ یا سبەی بێ‌رەحمانە بەخەلکی دەناسێت بۆیە دەڵێم بیگەیەنە (دێرین) بەو جۆرە برادەرە، مانگی (٦٠٠٠٠) دینار بۆ ئێمە بەشی تەنها یەك ڕۆژی ماڵ و منالەکەی دەکات.

## کۆچی دوایی دوو پێشمەرگەی دێرین



حەسەن ساڵح مستەفا

* پێشمەرگەی دێرین (حەسەن ساڵح مستەفا) ناسراوبە مام حەسەن ژاژڵەیی، ڕۆژی٢٠٠٧/١/٩ بەنەخۆشییەکی سەخت ودوای ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆی کۆچی دوایی کرد.

خوالێخۆشبوو مام حەسەن ژاژڵەیی پێشمەرگەیەکی دێرین و تێکۆشەرێکی خەباتی کوردایەتی بوو, هەروەها خەزووری کادێری رووناکبیری (ی.ن.ك) شەهید ئەحمەد مەولود بوو.

*پێشمەرگەی دێرین (ئەمین ئەحمەد مەحمود) ناسراو بە وەستا ئەمین، پێشمەرگەی دێرینی حزبی شیوعی کوردستان، ڕۆژی ٢٠٠٧/١/١٣ کۆچی دوایی کرد.

کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان پرسەو سەرە خۆشی خۆی بە کەس و کارو بنەماڵەی هەردوو خوالێخۆشبوو رادەگەیەنێت و داواکارە لەیەزدانی مەزن بەبەهەشتی بەرینی خۆی شادیان بکات.

## بە بیرم دێ

هێلین محەمەد عەلی

بەبیرم دێ کە لەشاخ بوون, هەموو لەیەك توخم دارێژرابوون, لەشەهیدبوون بەولاوە چاوەڕێی هیچ پاداشتێکی دی نەبوون. هەموو کەسانی ڕۆمانسی بوون, دەرویش ئاسا لەئەلقەی زیکری نیشتیمان پەرستیدا بوون, یەکتا پەرست بوون, خاوەنی جورئەت وڕەخنەگرتن وبەخۆدا چوون بوون, لەپێناو پەیامی خۆیان گیان بەخش بوون, ئەوان هەرگیز ئەسیری قەزمی ڕۆحی نەبوون بەڵکو بەقەد بالای قەندیل و بێستون و گاراو هەندرێن و مەتین و هەیبەت سوڵتان و سورێن و ئاربەبە تۆکمە بوون.....لەرووی بیروباوەڕەوە ڕێژەیەکی نەگۆڕ بوون, لەپەرستگای کوردایەتیدا هەمووان پیری موغان بوون, هەڤەرست بوون.دیکۆری ژیان وپانی جادەوپەناوپەسێری یانەوبارەکان,سکرتێری بالابەرزو کەمەرتووندوجلوبەرك تەسك وترووسك ومێزوقەنەفەی فش وپارەی میللەت کەلەسەر میزی دەعوەتی شەوان بەبلیت هەردەدرێت و هێتردەدرێت,ئەو مێزەی لەچەشنی مێزەکانی بەهەشتەکەی حەزرەتی (موحەممەد)و عیفریتەکەی حەزرەتی سولەیمان,کەچی پێشمەرگەش مەرگیان بەقۆنترات دەگرت و کۆمپانیای شکۆمەندیان دادەمەزراند,دواجار نەمانزانی مێزوکورسی و دەمەتەقێ و مشت ومرلەسەر پێگەو مەنسیب حەقیقەتە شاراوەکانی ئەوان دەخاتەڕوو, ئەوان درۆزن بوون, درۆ زان بوون,شەیتانێك بوون لەخواوەندی پاکی عاستی بوون,بێ شەرم بوون, بازرگانیان بەمەبدەئو پرنسیپە جوانەکانەوە دەکرد. تۆش ئەی شێرە فشەکەی ئێستا گرمۆڵەبوویت,تۆ ئەو کەسەی کە لەشاخیشدا خواردن وجلوبەرگت هەر جیابوو,ئێمە یاغنیش بووین, بە هەڵە لەراستیەکانتان گەشتبووین.

کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت: هەردی ئەنوەر- تریفە محەمەد- گۆنا ئیبراهیم
دیزاین: عومەر حسێن
هاوکاران: ڕەهبەری سەید برایم- گۆران جەلال- ئازاد سەراویی
www.p-deren.com
E:mail-hardianwar@p-deren.com
ناونیشان: سلێمانی- گەڕەکی بەختیاری تازە- شەقامی شەست مەتری- دوکانە مۆرەکان
ژمارەی تەلەفۆن: 3184295